# رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

**هەردەوان محمود کاکەشێخ، بەختیار حمید سعید**

بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق

**المستخلص**

لەگەڵ ئەوەی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا پێگەیەکی بەرچاو و رۆڵێکی سەرەکی هەیە، بەڵام هێشتا ناڕوونییەک هەیە لەوەی، کە ئایا وێنەگری تەلەفزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا توانیویانە بەشێوازێکی پرۆفیشناڵ هاندەرو یارمەتیدەربن لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە میدیاییەکاندا. بۆیە توێژەران بەپەیڕەوکردنی ڕێبازێکی زانستی هەوڵدەدەن بزانن وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا چ رۆڵێکی هەیەو شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، لە چ ئاستێکدایە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لەڕێی سامپڵێک لە وێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە تیایدا ئاماژە بە رۆڵ و کاریگەری وێنەگرانی تەلەفزیۆنی ئەو کەناڵانە لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە میدیاییەکاندا کراوە، جۆری توێژینەوەکە وەسفییەو ڕێبازی راپێوی بەکارهاتووە، لەسەر سامپڵێک لە وێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان، 93 ێنەگر وەکو سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار لە کەناڵەئاسمانییە هەواڵییەکوردییەکان وەرگیراوەو لەڕێی فۆڕمی ڕاپرسییەوە پێوانەی راکانییان کراوە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەران پێیگەیشتوون زۆربەی زۆری وێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕەگەزی نێرینەن، هەروەها کەمتەرخەمی کامێرامان لەپشکنینی ئامێرەکانی کارکردن، هۆکارە بۆ زیادبوونی تێچوونی بەرهەمهێنان. سەربەخۆیی و دەستکراوەیی کامێرامان لەکارکردندا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەدای کارەکەی هەیە. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند پێشنیازو راسپاردەیەك خراوەتەڕوو.

**کیلەوشەکان:** ڕۆڵ، وێنەگری تەلەفزیۆنی، تەکنیکی بەرهەمهێنانی، بەرهەمهێنانی میدیایی،کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

## 1. پێشەکی

وێنەگری تەلەفزیۆنی کاراکتەرێکی سەرەکی و گرنگی نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیاییە، تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمی میدیایی بەگشتی بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری گەورەو بەرچاویان بەخۆوە بینیوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەگەشەسەندنی بەردەوامدان، ئەم پێشکەوتن و گەشەسەندنانەی بواری تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان، هیچ لە پێگەو رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنیان کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو وێنەگری تەلەفزیۆنی هۆکارێکە بۆ سەرخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و جوانترکردنی بەرهەمی میدیایی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە بریتییە لەوەی، کە بەشێوەیەکی زانستییانەو بابەتییانە تیشک دەخاتە سەر رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەبەرهەمهێنانی بابەتە میدیاییەکاندا، لەگەڵ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان وێنەگرو کارمەندانی دیکەی تەکنیکی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی میدیایی و هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەم پەیوەندی و هەماهەنگییانە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکان، لەڕووی پراکتیکیشەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و میدیاکاران، تاوەکو هەنگاوە زانستییەکانییان لەسەر بنەمای ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە داپڕێژن.

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی(رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)یە، توێژینەوەیەکی وەسفییەو ڕێبازی راپێوی بەکارهاتووەو لەگرنگترین ئامانجەکانیشی بریتییە لە خستنەڕووی شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، هەروەها دەرخستنی رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لە کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 6، العدد 2 (2022) .
أُستلم البحث في 8 أذار 2022؛ قُبل في 27 نيسان 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 تشرين الأول 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف : bakhtyar.saeed@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2022 هەردەوان محمود کاکەشێخ، بەختیار حمید سعید . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

بەرهەمهێنانی میدیاییدا، لەگەڵ دەرخستنی کاریگەری سەربەخۆیی وێنەگر لەسەر جوانترکردنی تەکنیکی بەرهەمهێنان و دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی، کە دێنە پێش وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی وێنەگرتنی بەرهەممە میدیاییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە بەجۆرێک، کە هەر بەشیک چەند تەوەرێک لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم، کە چوارچێوەی زانستی توێژینەوەکەیە و رەهەندەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کە لە تەوەری یەکەمدا باس لەوێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کراوەو لە تەوەری دووەمیشدا باس لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی کراوە، بەشی سێیەمیش لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بریتییە لە رێکارەکانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەو تەوەری دووەمیش بریتییە لە شیکردنەوەی خشتەکان و خستەرووی زانیارییەکانی فۆرمی راپرسی.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران سوودیان لە چەند سەرچاوەیەکی زانستی تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکە وەرگرتووەو لە کۆتاییشدا چەند دەرئەنجام و پێشنیازو راسپاردەیەکی خستۆتەڕوو.

## 2. میتۆدنامەی توێژینەوە

### 2.1 کێشەی توێژینەوە

کێشەی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەو پێگە گرنگەی، کە وێنەگری تەلەفزیۆنی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا هەیەتی، هێشتا ناڕوونییەک هەیە سەبارەت بەوەی، کە ئایا وێنەگری تەلەفزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا توانیویانە بەشێوازێکی پیشەییانەو پرۆفیشناڵانە هاندەرو یارمەتیدەربن لە بەرهەمهێنانی بەرهەممە میدیاییەکاندا لەڕووی کەمکردنەوەی کات و تێچوون و باشترکردنی کوالیتی بەرهەممیدیاییەکاندا.

### 2.2 پرسیارەکانی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران چەند پرسیارێکی جەوهەریان ئاراستە کردووە تاوەکو لە رێگەی وەڵامی پرسیارەکانەوە رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بخاتە روو، پرسیارەکانی توێژینەوەش بریتین لە:

1. تا چ رادەیەك وێنەگری تەلەفزیۆنی رۆڵی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا هەیە؟
2. ئایا شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، لە چ ئاستێکدایە؟
3. ئایا وێنەگری تەلەفزیۆنی رۆڵی لە کەمکردنەوەی کات و تێچوونی بەرهەمهێنانی میدیاییدا هەیە؟
4. تا چەند شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی لە تەکنیکی وێنەگرتندا، کاریگەری هەیە لەسەر کوالیتی بەرهەمهێنانی میدیایی؟
5. ئایا وێنەگری ناو ستۆدیۆو دەرەوەی ستۆدیۆ لە رووی ئەرک و کارەوە چ جیاوازییەکییان هەیە؟
6. تا چ رادەیەک سەربەخۆیی وێنەگری تەلەفزیۆنی کاریگەری لەسەر جوانترکردنی بەرهەمی میدیایی هەیە؟
7. ئەو بەربەست و ئاستەنگانە چین، کە وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان رووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی وێنەگرتنی بەرهەممە میدیاییەکاندا؟

### 2.3 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە بریتییە لەوەی، کە بەشێوەیەکی زانستییانەو بابەتییانە تیشک دەخاتە سەر رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەبەرهەمهێنانی بەرهەممە میدیاییەکاندا، لەگەڵ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان وێنەگرو کارمەندانی دیکەی تەکنیکی پەیوەست بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیایی و هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەم پەیوەندی و هەماهەنگییانە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکان، لەڕووی پراکتیکیشەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ میدیاکاران بەگشتی و وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەتایبەتی، تاوەکو هەنگاوە زانستییەکانیان لەسەر بنەمای ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە دابڕێژن.

### 2.4 ئامانجی توێژینەوە

دەکرێت ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1. خستنەڕووی رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا.
2. خستنەڕووی شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا.
3. دەرخستنی رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لە کەمکردنەوەی تێچون و کات لە بەرهەمهێنانی میدیاییدا.
4. خستنەڕووی کاریگەری شارەزایی وێنەگری تەلەفزیۆنی لە تەکنیکی وێنەگرتندا، لەسەر کوالێتی بەرهەمهێنانی میدیایی.
5. دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەرکەکانی هەریەک لە وێنەگری ناو ستۆدیۆ و دەرەوەی ستۆدیۆ.
6. دەرخستنی کاریگەری سەربەخۆیی وێنەگر لەسەر جوانترکردنی تەکنیکی بەرهەمهێنان.
7. دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی، کە دێنە پێش وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی وێنەگرتنی بەرهەممە میدیاییەکاندا.

### 2.5 جۆرو رێبازی توێژینەوە

جۆری توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتاو زانیارییەکانیش رێبازی رووپێوی بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە رێبازە زانستییە باوو بەکارهاتووەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لە نێویشیان توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن.

### 2.6 کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوێنەگری تەلەفزیۆنی سەرجەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئەوانەی، کە بنکەی سەرەکی کەناڵەکانیان لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستاندایە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە(93)وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان کە بەشێوەی سامپڵی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون

### 2.7 کەرەستەکانی توێژینەوە

بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەم توێژینەوەیەدا سوود لەم کەرەستانە وەرگیراوە: فۆرمی راپرسی، چاوپێکەوتن، سەرنجدان و تێبینیکردن، بەرنامەی

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

ئاماری SPSS.

## 3. وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی

### 3.1 وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و پێشکەوتنەکانی کامێرا

وێنەگرتن هونەری راوکردنی گرتەیە. ئەم هونەرە بەشێوەیەکی گشتی، دواندنی بوون و سروشتە، بە مانایەکی وردتر دوبارە دامەزراندنەوەی ریالیستە بە دیدێکی هونەری، کە پشت دەبەستێتە سەر بڕی چێژو نەستێکی بەرزی مرۆڤ، هونەرمەند لەو میانەدا دەربڕینی خۆی دەکات دەربارەی ئەو بابەتەی دەیەوێت و ماناو بوونی هونەری خۆی بگەیەنێتە وەرگر، کە مەبەست کاریگەر خستنەسەر بەرامبەرییەتی، لە میانەی ئەو نێچیرەی کەوتۆتە تۆڕی راوی لێنزی هونەرمەندی وێنەگر بەو گرتەیە وێنەگری راستەقینە، هونەرمەندێکی داهێنەرە، چونکە دەیەوێت دووبارە ژیان بخاتەوە بەر گرتەیەک بەلایەوە گرنگە، بەشێوەیەک چێژ بداتە بینەری گرتەکە، گرنگ لێرەدا پێش ئەوەی فێری بنچینەکانی وێنەگرتن ببین، ئەوەیە پێویستە بزانین وێنە چییەو چ جۆرە کامێرایەک بەکاربهێنین بەگوێرەی ئاست و جۆرو پێویستی وێنەگر، یەکەم پێویستی ئەوەیە، هەستکردن بە بابەتە هەڵبژێردراوەکەو، زانین دەربارەی جۆری کامێراو جۆری لێنزی هەڵبژێردراو بۆ وێنەگرتنەکە، گرنگ نییە جۆرو نایابی کامێراو لێنز گەر نەتوانین زانستییانەو هونەرییانە بەکاریبێنین (ئاژگەیی، ٢٠١٢).

لە لایەکی دیکەوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەمڕۆدا، چەندین جۆر کامێرای ڤیدیۆیی جیاوازی فەراهەمکردووە، هەریەکێک لەو کامێرایانە، خاوەنی چەندین تایبەتمەندی جیاوازن، کە کارئاسانی تەواو دەکەن بۆ وێنەگرتنی دیمەنە ڤیدیۆییەکان، لە هەموو بارودۆخە سەخت و جیاوازەکاندا. پێشکەوتنی بەردەوام و خێرای ئامێرە تەکنەلۆژییەکان وایکردووە، کە بەرهەمەکانی بواری کامێرای ڤیدیۆش، لە رووی شێوازو تەکنیکی وێنەگرتنەوە، ژمارەو مۆدێلیان لە گەشەکردندا بێت، ئەمە سەرباری کێبڕکێی کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە، کە بەردەوام بەرهەم و مۆدێلی نوێترو پێشکەوتووتر دەخەنە بازاڕەوە (عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٠).

### 3.2 چەمک و پێناسەی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی

بۆ پێناسەکردن و ناساندنی وێنەگری تەلەفزیۆنی دەتوانین بڵێین، لە تەلەفزیۆندا کەسێک هەیە، کە بەرپرسە لە کامێراو ئامادەکردنی پێکهاتەو کەلوپەلەکانی و تۆمارکردنی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی، کە دەرهێنەر داوای لێدەکات، هەروەها وێنەگری تەلەفزیۆنی دەبێت لە هەموو لایەنە تەکنیکییەکانی کەرەستەکانی کامێرا شارەزابێت و بزانێت چۆن پێکهاتەکانی کامێرا ئامادە دەکات و کۆیان دەکاتەوەو هەڵیان دەگرێتەوە (عزت، ٢٠٢١).

پێویستی هەواڵ و فراوانبوونی بواری رۆژنامەگەری بوارە زانستییەکان و سیاسییەکان و سەربازییەکان، وایکرد لەسەرەتای شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و ئەوروپا، داهێنانی ئامێری وێنەگرتن بکرێت، تاکو گەیشتە ئەمڕۆی پێشکەوتنی کامێراو بوارەکانی وێنەگرتن، خەریکە وێنەگرتن دەبێتە بەشێک لە ژیانمان، یان بڵێین سایدی ئەوبەری ژیان ( ئاژگەیی، ٢٠١٢).

رۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی بەپێی ئەو بوارەی کاری تێدا دەکات جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لەپیشەسازی فیلمدا وێنەگر بەرپرسە لەئامادەکردنی کەرەستەکانی کامێراو چوارچێوەسازی و تۆمارکردنی گرتەی ڤیدیۆیی، هەروەها شارەزایی لە هەموو جۆرە کامێرا و لێنز و کەرەستە و پێکهاتەیەکی کامێرا، کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی خواست و رووئیای دەرهێنەرەکە، بەڵام سەبارەت بەهەواڵەکان یان بەرنامەیەکی دیکەی تەلەفزیۆنی، وێنەگری تەلەفزیۆنی بەرپرسە لەکامێراکانی ستۆدیۆو کارپێکردنیان و دەستکردن بە وێنەگرتن لە شوێن و گۆشەیەکی جێگیری ناو ستۆدیۆ، هەروەها دوای رێکخستنەکانی دەرهێنەرەکە دەکەوێت لە وێنەگرتن و گرتەی ڤیدیۆیی لەگەڵ جووڵەی کامێرای گونجاو (عزت، ٢٠٢١).

هەروەها وێنەگرتن تۆمارکردن و ئامادەکردنی کۆمەڵێک گرتەیە. گرتەش لە کۆمەڵێک فرێم پێک دێت(چەند وێنەیەکی تەنیا)یە، کە بەدوای یەکدا دێن، واتە بە یەک جوڵە کامێراکە دەگیرێن. شێوەی وێنەگرتن، جوڵە جیاجیاکانی کامێرا، شێوەی دانانی کامێرا بە دووری یان نزیک بوونی گرتەکان دەتوانێ هەست و شعوری جیا جیا لای بینەر دروست بکات، بەشێوەیەکی گشتی ئەو گرتانەی، کە دەبێت لە مەوقیعێکی کامێراکە بگیرێ، لە یەک نۆبەداو لەسەر شانەوە وێنە دەگیرێن (کەریم، ٢٠٠٢)

لێرەدا دەتوانین بڵێین دوو جۆر وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی هەیە، جۆرێکیان لەڕێگەی کۆمەڵێک کامێرای تەلەفزیۆنییەوە ئەنجامدەدرێت، کە بەستراونەتەوە بە میکسەری وێنەوە، جۆرێکی دیکەش بە کامێرایەکی هەڵگیراوی دابڕاو، کە بە ئاسانی دەجوڵێت ئەنجامدەدرێت.

### 3.3 پێشکەوتنەکانی کامێراو رۆڵی لە وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا

وێنە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێکجار دەتوانرێت لەگەڵ وشەدا بەشێوەیەکی هارمۆنی بەرجەستە بکرێت، وەکو لە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییە سەرکەوتووەکاندا رۆڵی دیارە، وێنە لە کۆنەوە تا بەئێستا دەگات زمانێکی جیهانییەو لەهەموو دنیادا خەڵک تێیدەگات، مرۆڤی چاخە دێرینەکان هەزاران ساڵ پێش ئەوەی نووسین سەرهەڵبدات، وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ گوزارشتکردن لەبیرو شێوازو ژیانی، وێنەی بەکارهێناوەو بەهۆی وێنەوە بەشێوەی تەعبیری چیرۆکی ژیانی خۆی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان گێڕاوەتەوە، بەهۆی ئەم وێنانەوە مێژوونووسان توانیویانە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤی رووی زەوی بنووسنەوە.

تا ئەو رۆژگارەی نووسین پێشکەوتووەو پیتەکانی ئەلفا بێ و چاپخانە پەیدابوونە وێنە لەلایەن مرۆڤی خاوەن شارستانییەتیش بەکارهاتووەو پشت بەشێوازی رەسمی دەستی و نەخشەکێشان و چاپکردن لەسەر پارچەداری هەڵکۆڵدراو و بەستراو. رۆژنامەی هەواڵی هەفتەیی ئینگلیزی یەکەمین رۆژنامەیە، کە داری هەڵکۆڵدراوی بۆ چاپی وێنەکانی لە ساڵی ١٦٣٨ بەکارهێناوە، ئەو وێنانە ناتوانین پێیان بڵێین وێنەی فۆتۆگرافی، چونکە وێنەی فۆتۆگرافی پێویستی بەچەند رەگەزێکی سەرەکی هەیە وەک ئامێری وێنەگرتن(کامێرا)، سەرچاوەی تیشک لەگەڵ تەنێکی هەستدار بۆ پێشوازی تیشک (ئەحمەد، ٢٠٠٨).

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای دروستبوونی تەلەفزیۆنەوە وێنەی ڤیدیۆیی میکانیکی بەرهەم هێنرا، بەڵام لە دەیەی 1930دا دیزاینە ئەلکترۆنییە نوێیەکان لەسەر بنەمای تیوبێکی کامێرای ڤیدیۆیی تیشکی کاتۆدی(cathode-ray)، لەلایەن ئەندازیاران(فیلۆ فارنسوۆرث و ڤلادیمیر زسووریکین)، بەرهەمهێنران، کە بریتیبوو لە شوێنگرتنەوەی جیاوازی میکانیکی لەگەڵ تەکنەلۆجیای سکانکردنی ئەلکترۆنی، ئەمەش بەزوویی بوو

بەستانداردی پیشەسازی تەلەفزیۆن و تاوەکو ساڵانی 1980 بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا. (kit9090, 2021).

لە ساڵی 1976دا کۆمپانیای(JVC)، سیستەمی ڤیدیۆیی ماڵەوەی بەناوبانگی(VHS)، و ڕیکۆردەری کاسێتی ڤیدیۆیی ڤیداستار(VCR)ی لە ژاپۆن دەستپێکرد. لەگەڵ ئەم دوو داهێنانەدا، توانرا شریتی بچووکی یەک ئینجی ئەستوور بخرێتە ناو ڤیدیۆ پلەیەرو لەڕێگەی تەلەفزیۆن، یان شاشەوە سەیر بکرێت. ساڵی دواتر داهێنانەکان هاتنە باکوری ئەمریکا لە پێشانگای ئەلکترۆنی بەکاربەر(CES)، لە شیکاگۆ (Harlow, 2021).

گواستنەوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە ئەنەلۆگ بۆ دیجیتاڵ لە ساڵی 1981دا بە پەرەسەندنی کامێرای تاک هاوێنەی سۆنی ماڤیکا دەستپێیکرد. ئەم کامێرایە دیسکێکی موگناتیسی خولانەوەی بەکارهێنا، کە بەئەندازەی(2 ئینج) دەبوو، وە دەیتوانی زیاتر لە50 چوارچێوەی وێنە بۆ پەخشکردن یان چاپکردن تۆمار بکات(kit9090, 2021) بۆ یەکەمجار هەردوو کۆمپانیای (JVC)، وە(Sony)، لە ساڵی 1982دا کامێرای وێنەی ڤیدیۆیی و وێنەی فۆتۆگرافییان لەناو یەک سیستەمی کۆمپاکت لە پێشانگای ئەلکترۆنی بەکاربەر)CES(، بەجیهان ناساند، دواتر لەساڵی ١٩٨٣دا سۆنی یەکەم کامێرای یەک پارچەی ئاشکرا کرد، کە ئەویش کامێرای (BMC-100) بوو، ئەمەش یەکەم تۆمارکەری فرە بەکارهێنەر بوو، کە وەک کامێرا کاریدەکردو توانای گواستنەوەشی هەبوو (Harlow, 2021).

فۆرماتی(VHS)ی ڕکابەر، کاسێتێکی گەورەتری لە سۆنی بەکارهێنا، کە بۆ کامێرای گەورە دروستکرابوو، وە لەساڵی 1984 بڵاوکرایەوە، JVC GR-C1 ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد بە ناساندنی بەستەری(VHS-C)ی کۆمپاکت، کە وەک یەکەم کامێرای(VHS)ی هەموو لە یەکدا دەناسرێت (Guardian, 2021).

ساڵانی ١٩٩٠ تاوەکو ١٩٩٩ ڤیدیۆی دیجیتاڵی لەژێر چاودێری تەکنەلۆژیادابوو، لەکۆتاییەکانی دەیەی1990دا ناساندنی ئامێرەکانی تۆمارکەری ڤیدیۆی دیجیتاڵی (DVR)دەستپێیکرد، کە درایڤەکانی هارد دیسک و ئامێرەکانی کۆگای هاوشێوەیان بۆ هەڵگرتنی بڕێکی زۆر لەزانیاری ڤیدیۆی دیجیتاڵی بەکارهێنا، ئەم داهێنانە بەخێرایی جەماوەرێکی زۆری دۆزییەوە لەچاودێری و لەبازاڕە تایبەتەکاندا وەکو(لێکۆڵینەوە ئائاساییەکان)، هەروەها دەستەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی وەکو(راوکەرانی تارمایی) چەندین بەکاربەریان بۆ ئامێرەکانی(DVR) ئاشکرا کرد (kit9090, 2021).

کۆمپانیای سۆنی لەئەیلولی ساڵی ٢٠٠٤دا یەکەمین کامێرای ڤیدیۆی دیجیتاڵی پێناسە بەرز(High Definition-HD) ی بەرهەمهێنا، کە کامێرای(HDR-FX1) بوو، ئێستا وایلێهاتووە ڤیدیۆیەکی دیجیتاڵی پێناسە بەرز تەنها لەبواری ستۆدیۆی تەلەفزیۆندا بەکارنایەت و سنووردار نییە، بەڵکو کامێرای ڤیدیۆی دیجیتاڵی پیشەیی ئاست بەرز، بۆ فیلمە سەربەخۆکان، زنجیرەکانی وێب و هەروەها بۆ مەبەستی ئارەزوومەندی بەکاردێت، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٦دا هەمان کۆمپانیا کامێرای(HDR-SR1)ی بەرهەمهێنا، کە کامێرایەکی قەبارە بچوکی هاندیکام بوو و توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆی دیجیتاڵی بەکوالێتی(HD)هەبوو. بەمشێوەیە پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی بواری تەکنەلۆژیای کامێراو وێنەگرتن بەردەوامبوو، تاوەکو لەساڵی ٢٠١١دا کۆمپانیای سۆنی توانی کامێرای(HDR-TD10)، بەجیهان بناسێنێ، کە کامێرایەکی هاندیکام بوو و توانای وێنەگرتنی ڤیدیۆی بە سیستەمی سێ ڕەهەندی واتە(3D) هەبوو. (Sony, 2021).

ئەمڕۆ زۆربەی مۆبایلە زیرەکەکان لەسەرەوەی شاشەکانیاندا کامێرایەکی بچوک (Webcam) یکیان تێدایە، کە بچووکتر و خێراتر و بەرزترە لە پێشینەی هاوشێوەکانییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێکامەکان هێشتا بەهۆی کەمی و نەبوونی چەندین تایبەتەندی فراوانەوە کێشەو گرفتییان هەیە (kit9090, 2021).

لەئێستادا کامێرای ڤیدیۆ ئامرازێکە، ئەوەندە بەقوڵی ڕۆچۆتە نێو ژیانی ڕۆژانەمان، کە دۆزینەوەی کەسێک بەبێ کەسێکی دیکە کارێکی سەیر دەبێت، جا چ لەسەر مۆبایلێکی زیرەک، تابلێت، لاپتۆپ، یان هەر ئامێرێکی دیکە، زۆربەمان ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای ڤیدیۆ هەڵدەگرین، بەڵام بەدەگمەن بیری لێدەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک مرۆڤ دەوەستێت بۆ ڕەچاوکردنی مێژووی فراوانی پێشکەوتنی ئەم ئامێرە، ڕێزێکی نوێ بۆ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای وێنەگرتنی جوڵە دادەنێت.

نابێت بەکارهێنانی کامێرای تەلەفزیۆنی بەهیچ شێوەیەک تەنیا ئەرکی گەیاندنی وێنەکەی بەردەمی بێت، بەڵکو دەبێت ئەم وێنەیە قەناعەتبەخش و کاریگەربێت و جێبەجێکردنی ئەمەش دەوەستێتە سەر زانیاری وێنەگر لەبارەی چۆنییەتی ئامادەکردنی گرتەکان و تۆمارکردنییان لە ڕووداوە کاریگەرو گوزارشتلێکراوەکاندا، بەشێوازێکی ڕوونتر دەڵێین، شێوازی هونەری باش مانای ئەوەیە هەموو شتێک، کە کامێرا بە زمان و شێوازی بینراوی خۆی دەیڵێت یان گوزارشتی لێدەکات وێنەیەکە، کە ژیان و جۆش و خرۆش و چێژی تێدایە (رستم, ٢٠١٤).

## 4. تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی

بەگشتی پرۆسەی بەرهەمهێنان پێویستی بەتەکنەلۆژیاو تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە، جا ئەو بەرهەمە هەرچییەک بێت و لەهەر کات و شوێنێک بەرهەمبێت. بەرهەمی میدیایی وەک هەر کاڵاو بەرهەمێکی دیکە چەندین قۆناغی جیاواز دەبڕێت تاوەکو دەگاتە دەستی بەکاربەر، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە بەکاربەر جەماوەری بەئامانجگیراوە، کە بەرهەمە هزرییەکەی ئاراستە دەکرێت، بەرهەمی کوالێتی باش و کاریگەر پێویستی بە تەکنیک و تەکنیککاری باش هەیە، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و پەرەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانکارییان بەسەر دادێت، کە دواجار دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بەرهەمیشدا. بۆیە دامەزراوە میدیاییەکان و میدیاکاران بەردەوام هەوڵدەدەن خۆیان لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بگونجێنن و لە پێشکەوتنی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان دانەبڕێن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دابڕان لە جەماوەرەکانییان و پاشکەوتن لەکارەکانیاندا، خەڵک بەگشتی و بەتایبەتیش ئەوانەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیرییان بەرزە هەمیشە چاوەڕێی بەرهەمی جیاوازو تەکنیکی نوێ دەکەن، بایەخدانی زیاتر بە تەکنیک و تەکنەلۆژیای نوێی بەرهەمهێنانی میدیایی کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر وەرگرو هۆکارێکیشە بۆ فراوانکردنی پانتایی جەماوەر.

### 4.1 گرنگی بەرهەمهێنانی میدیایی

بەرهەمی میدیایی هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەکو ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی و ئەوانی دیکە، هەروەها خێرایی لە تۆمارکردن و گەیاندنی وێنەدا بۆ بڵاوکەرەوە زۆر گرنگە، وە

کێبڕکێ لەنێوان سەرجەم میدیاکاراندا، بەندە لەسەر پێشڕەوی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریدا (بهاءالدین، ٢٠٠٩).

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیاییدا وێنەگرتن ڕەگەزێکی بنەڕەتییە، چونکە زۆر گرنگە لە بەدۆکیومێنتکردنی ڕووداو و بۆنە فەرمی و نافەرمییەکاندا، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی ڕاسگۆیی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی هەواڵدا، یەکێکە لەشتە سەرەکییەکانی ناو کاری هەواڵ یان لەکاری میدیاییدا، چونکە سوودی گرنگی لەگەشەکردن و دامەزراندنی کەرەستەکانی ڕاگەیاندندا هەیە.

وێنەگرتن، بەهەموو جۆرەکانی فۆتۆگرافی، سینەمایی و تەلەفزیۆنی کاری میدیایی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی هەواڵدا بەرەو ئەوپەڕی سنووری متمانە برد، وێنەگرتن یەکێکە لە شتە سەرەکییەکانی کاری هەواڵ یان لە کاری ڕاگەیاندندا، چونکە سوود لە توانای وروژاندن و جۆشوخرۆش و سەرنجڕاکێشانی وەرگر وەردەگرێت، وێنەگرتن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی وروژاندن و جۆشوخرۆش، هەروەک چەندین پێکهاتەی وەک ڕەنگ و بارست و هێڵ و تەن و ڕووناکی و سێبەر و هتد...، تێکەڵ دەکات، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان و تەکنیکەکان و تەکنەلۆژیادا گەشەدەکات، کە ئەمەش پێویستییەکی بەپەلەو گرنگ لەژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەکاندا دەردەخات، هەروەها یەکێکە لە هۆکارەکانی چێژبەخشین، کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی لەهەموو کات و ساتێکدا (سلمان، ٢٠٠٥).

بێگومان زۆری و فرەیی بەرهەمی میدیایی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەگرەکانیان تێرتر بکەن و جەماوەرەکانیان زیاتر بکەن، وە پەیام و زانیاری زیاتر بدەن و لەگۆشەی جیاوازتر بڕوانن، بۆ نمونە هەندێک بابەت هەیە زانیارییەکانی بەس نییە بۆ ئەوەی تەنها لە هەواڵدا پێشکەش بکرێت، بەڵکو پێویستی بەڕاپۆرت یان چاوپێکەوتن یان ژانرەکانی دیکە هەیە، وە ئەو پرسیارانەی، کە لە بیرو هزری وەرگردا دەمێنێتەوە، پێویستە لە ڕێگەی بەرهەمە میدیاییە جۆراوجۆرەکاندا وەڵامبدرێتەوە.

بەشێک لە دامەزراوە میدیاییەکان ژمارەی بەرهەمە میدیاییەکانیان کەمەو بەشێکی دیکەشیان ژمارەی بەرهەمە میدیاییەکانیان زۆرە، کە ئەوانە پانتایی وەرگرەکانیان زیاترەو تەمەنی دامەزراوەکانیشیان درێژترو حەزو خولیای جەماوەرەکانیشیان زیاتر دەبێت، هەروەها بەرهەمەکانیشیان کاریگەری زیاتر دەبێت بەجۆرێک، کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری ڕاوبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگەو دروستکردنی رای گشتی (مولود، ٢٠٢١).

**4.2 تواناو شارەزایی وێنەگر لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا**

وێنەگر لەو ئیمتیازاتە جۆراوجۆرانە کۆدەکاتەوە، کە یارمەتی دەدات لە کارەکەیدا، جگە لەتوانای دروستکردنی پێکهاتە یان تەکەتول، کە بەتواناکانی دیکەی دیاری دەکرێت و ڕەنگە ئاسان یان بێ ئاڵۆزی دەرکەوێت، بەڵام لە کارەکانیدا وەک خۆڕاگری و دانبەخۆداگرتن، ئەزموونی بوارە جۆراوجۆرەکان، توانای جەستەیی، خەیاڵی فراوان و شتی گرنگی دیکە، هەروەها وێنەگر بەزیرەکییەکی زۆرو خێراییەکی هەستپێکراو بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتەکان، هەروەها تایبەتمەندیەکانی دیکە لە بواری کلتوری ئینسکلوپیدی بۆ گەیشتن بەپەرەسەندن و پێشکەوتن لە بوارەکەیدا، چونکە ئەو سیفاتانەی باسکران چەندایەتییەکی بەرایی و پێویستن بۆ وێنەگر بۆ ئەوەی باشترین و مەزنترین ئەنجام لە پرۆسەی وێنەگرتندا بەدەست بهێنێت. هەر یەکێک لەو سیفاتانەی، کە باسکران هۆکاری ئەرێنین لە وێنەگردا بۆ دووورکەوتنەوە لە زۆر شت، کە ڕەنگە لە دژی پێشڕەوی وێنەگر بوەستێتەوە، دەکرێت ئەو سیفاتانەی، کە پێویستە لە وێنەگردا هەبێت، ڕوونبکەینەوە، لە ڕێگەی باسکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی، کە لە پشت سیفاتەکانەوە وەستاون، هەروەها دەکرێت لە ڕێگەی خستنە ڕووی چەند خاڵێکەوە ئاماژە بەو سیفات و تایبەتمەندییانەی وێنەگر بکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە (سلمان, ٢٠٠٥):

أ. هەبوونی شارەزایی لەکاری ڕاگەیاندندا: پێویستە وێنەگر زانیاری هەبێت لەبارەی هونەرەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسیارەتی ویژدانی و یاسایی و ئەخلاقیی پیشەی کاری ڕاگەیاندن. ئاگاداربێت لەو گرتانەی، کە تۆماری دەکات نەچێتە چوارچێوەی ڕیکلام و پڕوپاگەندە بۆ کەس و لایەن و گروپ و دامەزراوەو لایەنێکی سیاسی، هەروەها باشتروایە شارەزایی لەکاری مۆنتاژکردن و دەرهێنەری هەبێت بۆ بەدەستهێنان و ئامادەکردنی گرتە جۆراو جۆرەکان (محەمەد، ٢٠٢٢).

ب. پەرۆشی: وێنەگر دەبێت تێکۆشەربێت، هەم لەکاتی فێربوونی کارەکەی و هەم لەکاتی کارکردندا بەپەرۆش بێت وەک ئەوەی، کە بۆ یەکەمجارە وێنەدەگرێت، هەروەها بیرکردنەوە لەکارەکەی دەنگێکی بێزارکەرو ماندووکەرە بەجۆرێک، لە کوالیتی ئەو وێنەیە کەمدەکاتەوە، کە وێنەگرەکە دەیگرێت.

ت. گەنجێتی: سنووری نموونەیی تەمەن بۆ دەستپێکردنی کاری وێنەگری لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵیدایە، کەسانی خوار یان سەروو ئەم تەمەنە کاتێک دەست بەکاری وێنەگری دەکەن، دوچاری کێشەو گرفت دەبن، هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی، کە گەنجان بۆ کاری وێنەگری دەستنیشان دەکرێن، چونکە بۆ گەنجێک ئەم کارە ئاسانترە، وە دەتوانێت شارەزایی خۆی زیاد بکات لەماوەی ئەو چەند ساڵە، کە تەمەنی ٣٠ ساڵی بەرهەمهێنەرترین تەمەنی وێنەگرە. زۆرجار لە سەروی تەمەنی٤٠ ساڵییەوە، وێنەگرەکە بەتایبەتی لەکاری وێنەگری دەرەکیدا نابینرێت.

پ. توانای جەستەیی: جوڵاندنی کامێراکان یان هەڵگرتنیان لەسەر شان، پێویستی بەماسولکەیەکی دیاریکراو هەیە. بۆیە کەسانی بەجەستە لاواز بەزەحمەت کاری وێنەگرییان پێدەکرێت، چونکە لەوانەیە وێنەگر کامێرایەکی لەسەر شان بێت و بۆماوەی چەند کاتژمێرێک وێنەبگرێت، یان لەکاتی وێنەگرتندا ڕابکات بەبێ ئەوەی کامێراکەی بلەرزێت، کاتێک وێنەگرێکی ڕاستەقینە بۆ ماوەیەکی درێژ کاری وێنەگرتن ئەنجامدەدات، ئەم کارەی ڕەنگە ببێتە هۆی ئازار لە جومگەو بڕبڕەی پشت و ملیدا، بەڵام وێنەگری ستۆدیۆ پێویستی بە هێزو ماسولکەی کەمترە لە وێنەگری دەرەوەی ستۆدیۆ، چونکە ئەو پێویستی بەجوڵاندنی کامێراکە نییە (Bakanliği, 2011).

ج. توانای داهێنان لەوێنەگرتن: وێنەگری باش ئەو کەسەیە، کە لەلوتکەی هێزی بیرکردنەوەدابێت، بۆئەوەی بیر لەوە بکاتەوە چۆن داهێنانێك بکات لەوێنەگرتن و بەرهەمێکی وێنەیی نایاب بخاتەڕوو تا بەرهەمەکانی ببێتە جێگەی ڕەزامەندی بینەر (محەمەد، ٢٠٢٢).

ح. بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڤیدیۆ: ئەم کارامەییە پێویستی بەزانینی چۆنیەتی پاراستنی پێکهاتەی کارەبایی و میکانیکی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ، لەگەڵ بەڕێوەبردنی هەموو لایەنەکانی بەکارهێنانی کامێرا لە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆدا.

خ. زانیاری لەسەر ئامێرەکانی دەنگ: وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی فراوان پشت

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

بەئامێرەکانی دەنگ دەبەستێت، بۆیە پێویستە بزانێت چۆن لە دوورەوە هەماهەنگی لەنێوان کامێرا و وێنەگرتن دەکات، کە بگونجێت لەگەڵ ئامێرەکانی دەنگ لە ناو ستۆدیۆ.

چ. زانیاری تەواو لەسەر کەلوپەل و کەرەستەکانی کامێرا: یەکێکی دیکە لە تواناو شارەزاییەکانی وێنەگر، بریتییە لە چاکردنەوەی رۆتینی کەلوپەلەکان و پارێزگاری لە کوالێتییان، لەگەڵ شارەزایی لە هەڵوەشاندنەوەو بەستنەوەیان بۆ پاراستنی تەمەنی ئامێرەکان. (عزت، ٢٠٢١).

د. کاری قورس: دەبێت وێنەگری تەلەفزیۆنی زیاتر لەماوەی دیاریکراوی خۆی ئامادەیی هەبێت بۆ کارکردن، کە رەنگە هەندێکجار زیاتر لە ١٢ سەعات بخایەنێت. (Bakanliği, 2011).

س. مامەڵەکردنێکی راست و دروست لە پەخشی راستەوخۆدا: وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی فراوان پشت بە پەخشی راستەوخۆ دەبەستێت، بۆیە پێویستە لەسەر وێنەگر، کە بزانێت چۆن مامەڵەیەکی دیاریکراو لەگەڵ پەخشی راستەوخۆدا دەکات، لەبەر ئەوەی هیچ بوارێک نییە بۆ هەڵەکردن.

ش. جووڵەکانی کامێرا: ئەم شارەزاییە وا لە وێنەگری تەلەفزیۆنی دەکات، کە پێش وێنەگرتن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکتردا، دەستبکات بە ئامادەکردنی کامێراو گۆشەو جووڵەکانی کامێراکەو تاقیکردنەوەیان، تاوەکو وێنەو بەرهەمێکی سەرکەوتوو بەدەست بێنن. وێنەگرتن لە گۆشەی جیاوازەوە زۆر پێویستە، هەروەها پێویستی بەخێرایی جووڵەو خێرایی لە تێرامان و بیرۆکەی داهێنەرانەدا هەیە، جگە لەکارکردن لەگەڵ دەرهێنەرو ستافی کارکردندا بۆ دیاریکردنی ریزبەندی گونجاوی وێنەگرتن و کاریگەرییە خوازراوەکان لەکاتی وێنەگرتن و جووڵەی کامێرای پێویست و رووناکی، بۆئەوەی لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەدا بگونجێت، کە وێنەی دەگیرێت (عزت،٢٠٢١).

## 5. لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

### 5.1 رێکارەکانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

لەم بەشەدا ئەو هەنگاوە زانستییانە خراوەنەتەڕوو، کە لەتوێژینەوەکەدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەو هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەو پێوەری راستی و رادەی جێگیری و خستەرووی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان خراونەتەڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە پراکتیکییەکانی توێژینەوە هەنگاوەکان دەخەینەڕوو:

5.1.1 دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لەو کۆمەڵگەیەی، کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سنووری توێژینەوە لەسەرجەمی ئەو یەکەو توخمانەی دەکەونە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە توێژەران نیازیان وایە لەئەنجامی توێژینەوەکە بەسەر کۆی یەکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بیگشتێنن، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان.

5.1.2 دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوە.

سامپڵی توێژینەوە بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، کە گوزارشت لەوێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات و هەڵگری سیفەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، کە توێژەران بەشێوازێکی زانستی هەڵیدەبژێرن بەجۆرێك، کە سامپڵەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات. لەم توێژینەوەدا توێژەران سامپڵێکی مەبەستداریان دەستنیشانکردووە لەوێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان، کە پێکهاتوون لە(90) وێنەگری کوڕو(3) وێنەگری کچ لەکۆی(110) فۆرم لەو ژمارەیە تەنها)93(، فۆرم گەڕاوەتەوە، کە شیاوی شیکارکردن بوون و(2) فۆرمی بەتاڵ و(15) فۆرمیش نەگەڕاونەتەوە.

هەرچەندە هەریەک لەکەناڵەکانی(رووداو و کوردسات نیوز)، لەچوارچێوەی سامپڵی توێژینەوەکەمان بوون بەو پێیەی، کە هەردوو کەناڵی ناوبراو کەناڵی هەواڵین، بەڵام هیچ کامێکییان ڕێگەیان نەدا کامێرامانەکانیان فۆرمی راپرسی توێژینەوەکەمان پڕبکەنەوە.

5.1.3 پێوەری راستی رواڵەتی:

توێژەران بۆ دەستکەوتنی پێوەری راستی پشتیان بە(5) پسپۆڕی ئەکادیمی لەبوارەکانی راگەیاندن و ئامار بەستووە. دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێرەیی بۆ کاری فۆرمەکان دەرکەوت رێژەی راستی رواڵەتی بریتییە لە(85.37) مانای وایە راستی فۆرمەکە ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە، ئەمەش نیشانەی راستەقینەی راستییە بۆ پێوەرەکەو کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە، دوای ئامادەکردنی فۆرمی راپرسی توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی راستی، ئەم فۆرمانەیان بەسەر پسپۆڕاندا دابەشکرد.

5.1.4 فۆرمی راپرسی:

فۆرمی راپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە، کە لەرێگەی پرسیارنامەوە لەلایەن بەرتوێژانەوە پڕدەکرێتەوە. فۆرمی راپرسییەکە پێکهاتووە لە(4) پرسیاری گشتی و(26) پرسیاری تایبەت بەتوێژینەوەکە.

5.1.5 رادەی جێگیری فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە

بۆ دڵنیابوون لەرادەی جێگیری برگەکانی فۆرمی راپرسی ئەم توێژینەیوە، توێژەران هاوکێشەی(الفا کرۆنباخ)یان بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیەدا نزمترین بەهای بریتییە لە (0.651) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی رادەی جێگیری بۆ ئەنجامدانی پرسیارەکانی فۆرمی راپرسی پیشان دەدات.

5.1.6 ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا

بریتییە لەو ئامرازە ئامارییانەی، کە توێژەران بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکاریان دەهێنێت. توێژەران بەشێك لە کەرەستە ئامارییەکانیان بەکارهێناوە، کە گرینکترینیان ( SPSS)ە، واتە شیکردنەوەی داتای ئاماری لەرێگەی ئەم بەرنامەیە، کە بەسیستەمێکی پێشکەوتوو و گرینگ دادەنرێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان، کە تیایدا چەند یاسایەك بەکارهاتوون.

### 5.2 شیکردنەوەی خشتەکان و خستەڕووی زانیارییەکانی فۆرمی راپرسی

خشتەی(١) رەگەزی سامپڵی توێژینەوە

| زانیارییە گشتییەکان | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 90 | 96.8% |
| مێ | 3 | 3.2% |
| کۆی گشتی | 93 | 100% |

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(١) ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە بواری وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و تەکنیکەکانی بەرهەمهێناندا کار دەکەن، لە رەگەزی نێرینەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەردەخات ، کە تاوەکو ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا دەرفەتی پیشەی وێنەگری بۆ رەگەزی مێینە نەڕەخساوە، هەروەها پێدەچێ، کە ڕەگەزی مێینە کەمتر ئارەزووی کارکردنی لەبواری وێنەگری و تەکنیکەکانی بەرهەمهێناندا هەبێت.

خشتەی(٢) تەمەنی سامپڵی توێژینەوە

| ئاستی تەمەن | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| 24-18 | 15 | 16.1% |
| 30-25 | 23 | 24.7% |
| 36-31 | 35 | 37.6% |
| >36 | 20 | 21.5% |
| کۆی گشتی | 93 | 100% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(٢)، بۆمان روونەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنییان لەنێوان)31-36(، ساڵی دایە، بەرێژەی)37.6% (ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی زۆری وێنەگرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەکەونە نێوان ئەم تەمەنەوە.

خشتەی(٣) ئاستی خوێندنی سامپڵی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 2 | 2.2% |
| ناوەندی | 19 | 20.4% |
| ئامادەیی | 25 | 26.9% |
| دبلۆم | 27 | 29.0% |
| بەکالۆریوس | 19 | 20.4% |
| خوێندنی باڵا | 1 | 1.1% |
| کۆی گشتی | 93 | 100% |

بە وردبوونەوە لە ئەنجامەکانی خشتەی(٣)، بۆمان روونەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی باڵا نین، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە پیشەی کامێرامانی زۆرتر لەڕێگەی حەزو خولیاو ئەزموونی کارکردنەوە فێریدەبیت، بەراورد بە بەدەستهێنانی بڕوانامە.

خشتەی(4) ئەزموونی کارکردنی سامپڵی توێژینەوە

| ساڵانی ئەزموونی کار | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| 3-1 | 12 | 12.9% |
| 7-4 | 24 | 25.8% |
| 11-8 | 24 | 25.8% |
| >11 | 33 | 35.5% |
| کۆی گشتی | 93 | 100% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(4)، بۆمان روونەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئەزموونی کارکردنییان لە(11)، ساڵی بەسەرەوەیە، بەرێژەی(35.5%) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی زۆری وێنەگرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەزموونێکی باشییان لە بواری وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا هەیە.

خشتەی(5) ئاستی شارەزایی سامپڵی توێژینەوە بۆ تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی

| شارەزایی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| ناوەند | 11 | 11.83% |
| باش | 45 | 48.39% |
| زۆر باش | 37 | 39.78% |
| کۆی گشتی | 93 | 100.0 |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(5)، بۆمان روونەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی شارەزاییان بۆ تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەئاستی باش و زۆرباشدایە، بەرێژەی(88.17%)، ئەمەش زانیارییەکانی خشتەی(٥)، تایبەت بەئاستی تێگەیشتنی سامپڵی توێژینەوە بۆ تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی پشتڕاست دەکاتەوە.

خشتەی(6) هۆکارەکانی پشت پێبەستنی کامێرامانی ناوستۆدیۆ لەکاتی کارکردندا

| لەکاتی کارکردندا پشت بە کام لەمانە ببەستێ | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| ئەزموون و شارەزایی خۆی | 0 | 0.0% |
| ڕێنمایی دەرهێنەر | 73 | 78.5% |
| هەردووکی | 20 | 21.5% |
| کۆی گشتی | 93 | 100.0 |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(6)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(78.5%)، پێیان وایە وێنەگری ناو ستۆدیۆ لەکاتی کارکردندا باشتروایە پشت بەڕێنمایی دەرهێنەر ببەستێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە وێنەگری ناو ستۆدیۆ ئازادی کارکردن و بڕیاردانی سنووردارەو کەمتر پشت بەئەزموون و شارەزایی خۆی دەبەستێت.

خشتەی(7) هۆکارەکانی پشت پێبەستنی کامێرامانی دەرەوەی ستۆدیۆ لەکاتی کارکردندا

| لەکاتی کارکردندا پشت بە کام لەمانە ببەستێ | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| ئەزموون و شارەزایی خۆی | 56 | 60.2% |
| ڕێنمایی دەرهێنەر | 7 | 7.5% |
| هەردووکی | 30 | 32.3% |
| کۆی گشتی | 93 | 100.0 |

بەپێی خشتەی(7)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(60.2%)، پێیان وایە وێنەگری دەرەوەی ستۆدیۆ لەکاتی کارکردندا باشتروایە پشت ئەزموون و شارەزایی خۆی ببەستێ، هەروەها ڕێژەی(32.3%)ی سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە، کە وێنەگری دەرەوەی ستۆدیۆ لەکاتی کارکردندا باشتروایە پشت بەڕێنمایی دەرهێنەرو ئەزموون و شارەزایی خۆی ببەستێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە وێنەگری دەرەوەی ستۆدیۆ سنووری ئازادی کارکردن و بڕیاردانی فراوانترەو زیاتر پشت بەئەزموون و شارەزایی خۆی دەبەستێت.

خشتەی(8) ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ شارەزایی کامێرامان

| ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ شارەزایی کامێرامان | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| خوێندن لەبەشەکانی ڕاگەیاندن لەزانکۆو پەیمانگەکان | 22 | 10.5% |
| خولی ڕاهێنان | 37 | 17.7% |
| حەزو خولیای کەسەکە بۆ کارەکەی | 76 | 36.4% |
| کارکردن لەگەڵ کامێرامانێکی بەئەزموون | 67 | 32.1% |
| هیتر | 7 | 3.3% |
| کۆی گشتی | 209 | 100.0% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(8)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(36.4%)، کە لەپلەی یەکەم دێت پێیان وایە حەزو خولیای کەسەکە بۆ کارەکەی هۆکاری یارمەتیدەرە بۆ شارەزایی کامێرامان، هەروەها کارکردن لەگەڵ کامێرامانێکی بەئەزموون بەڕێژەی(32.1%)، لەپلەی دووەم دێت و خولی ڕاهێنانیش بەڕێژەی(17.7%)، لەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە هیچ پیشەیەک بەبێ بوونی حەزو خولیای کەسەکە بۆ کارەکەی سەرکەوتوو نابێت. لەبەرئەوەی ئەم پرسیارە زیاتر لەبژاردەیەك دەستنیشان دەکرێت، سامپڵی توێژینەوەکە دەبێتە209.

خشتەی(9)شارەزایی و ڕۆڵی کامێرامان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا

| پرسیارەکان | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بەتەواوی لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون (%) | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| X3 | 1 | **1.1%** | 0 | **0.0%** | 2 | **2.2%** | 24 | **25.8%** | 66 | **71.0%** | **4.66** | **0.63** | **93.12%** | **3** |
| X4 | 1 | **1.1%** | 2 | **2.2%** | 1 | **1.1%** | 30 | **32.3%** | 59 | **63.4%** | **4.55** | **0.73** | **90.97%** | **5** |
| X5 | 0 | **0.0%** | 3 | **3.2%** | 5 | **5.4%** | 23 | **24.7%** | 62 | **66.7%** | **4.55** | **0.74** | **90.97%** | **4** |
| X6 | 2 | **2.2%** | 3 | **3.2%** | 2 | **2.2%** | 34 | **36.6%** | 52 | **55.9%** | **4.41** | **0.86** | **88.17%** | **8** |
| X7 | 1 | **1.1%** | 0 | **0.0%** | 1 | **1.1%** | 17 | **18.3%** | 74 | **79.6%** | **4.75** | **0.58** | **95.05%** | **1** |
| X8 | 0 | **0.0%** | 5 | **5.4%** | 3 | **3.2%** | 23 | **24.7%** | 62 | **66.7%** | **4.53** | **0.80** | **90.54%** | **6** |
| X9 | 0 | **0.0%** | 3 | **3.2%** | 0 | **0.0%** | 20 | **21.5%** | 70 | **75.3%** | **4.69** | **0.64** | **93.76%** | **2** |
| X10 | 1 | **1.1%** | 6 | **6.5%** | 4 | **4.3%** | 26 | **28.0%** | 56 | **60.2%** | **4.40** | **0.92** | **87.96%** | **9** |
| X11 | 2 | **2.2%** | 2 | **2.2%** | 2 | **2.2%** | 27 | **29.0%** | 60 | **64.5%** | **4.52** | **0.83** | **90.32%** | **7** |

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(9)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(95.05%)، کە بەپلەی یەکەم دێت پێیان وایە، کە شارەزایی کامێرامانی دەرەوەی ستۆدیۆ لە(جۆری گرتە، جوڵەو گۆشە)ی کامێرا، بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت بۆ شارەزایی و ڕۆڵی کامێرامان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، هەروەها ڕێژەی(93.76%)، کە بەپلەی دووەم دێت پێیان وایە، کە شارەزایی کامێرامان لە(ڕووناکی و دەنگ)، بەدووەم هۆکار دادەنرێت بۆ شارەزایی و ڕۆڵی کامێرامان لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، پاشان ڕێژەی(93.12%)، کە بەپلەی سێیەم دێت پێیان وایە، کە ئەزموون فاکتەرێکی یاریدەدەرە بۆ شارەزایی و ڕۆڵی کامێرامان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، لە کۆتاییشدا کەمترین ڕێژەی سامپڵی توێژینەوە، کە ڕێژەی(87.96%)ە، پێیان وایە، کە شارەزایی کامێرامان لە(SNG و Stream Box)، هۆکارن بۆ شارەزایی و ڕۆڵی کامێرامان لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا.

خشتەی(10) ڕۆڵی کامێرامان لە کەمکردنەوەی تێچوون و کات و کواڵیتی بەرهەمهێنان

| پرسیارەکان | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بەتەواوی لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون (%) | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| X15 | 21 | **22.6%** | 33 | **35.5%** | 4 | **4.3%** | 19 | **20.4%** | 16 | **17.2%** | **2.74** | **1.45** | **54.84%** | **5** |
| X16 | 4 | **4.3%** | 4 | **4.3%** | 4 | **4.3%** | 29 | **31.2%** | 52 | **55.9%** | **4.30** | **1.04** | **86.02%** | **3** |
| X17 | 1 | **1.1%** | 2 | **2.2%** | 4 | **4.3%** | 21 | **22.6%** | 65 | **69.9%** | **4.58** | **0.77** | **91.61%** | **1** |
| X18 | 0 | **0.0%** | 6 | **6.5%** | 3 | **3.2%** | 24 | **25.8%** | 60 | **64.5%** | **4.48** | **0.84** | **89.68%** | **2** |
| X19 | 2 | **2.2%** | 11 | **11.8%** | 7 | **7.5%** | 35 | **37.6%** | 38 | **40.9%** | **4.03** | **1.08** | **80.65%** | **4** |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | **4.03** | **1.04** | **80.56%** | |

بەپێی خشتەی(10)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی(91.61%)، کە بەپلەی یەکەم دێت پێیان وایە، کە ئەزموونی کامێرامان ڕۆڵی لەکەمکردنەوەی تێچوون و کات و کواڵیتی بەرهەمهێناندا هەیە، هەروەها ڕێژەی(89.68%)، کە بەپلەی دووەم دێت پێیان وایە، کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کامێرا ڕۆڵی لەکەمکردنەوەی تێچوون و کات و کواڵیتی بەرهەمهێناندا هەیە، دواتر ڕێژەی(86.02%)، کە بەپلەی سێیەم دێت پێیان وایە، کە کەمتەرخەمی کامێرامان لەپشکنینی ئامێرەکانی کارکردندا ڕۆڵی لەکەمکردنەوەی تێچوون و کات و کواڵیتی بەرهەمهێناندا هەیە، لە کۆتاییشدا کەمترین ڕێژەی سامپڵی توێژینەوە، کە ڕێژەی(54.84%)ە، پێیان وایە، کە پەلەکردنی کامێرامان لەکاتی کارکردندا ڕۆڵی لەکەمکردنەوەی تێچوون و کات و کواڵیتی بەرهەمهێناندا هەیە.

خشتەی(11)سەربەخۆیی وێنەگرو ڕووبەڕووبەنەوەی ئاستەنگەکانی لەکاتی کارکردندا

| پرسیارەکان | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بەتەواوی لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون(%) | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | | |
| X20 | 0 | **0.0%** | 10 | **10.8%** | 5 | **5.4%** | 29 | **31.2%** | 49 | **52.7%** | **4.26** | **0.98** | **85.16%** | **3** |
| X21 | 0 | **0.0%** | 4 | **4.3%** | 0 | **0.0%** | 18 | **19.4%** | 71 | **76.3%** | **4.68** | **0.69** | **93.55%** | **1** |
| X22 | 3 | **3.3%** | 8 | **8.7%** | 1 | **1.1%** | 38 | **41.3%** | 42 | **45.7%** | **4.17** | **1.04** | **83.48%** | **6** |
| X23 | 3 | **3.3%** | 8 | **8.7%** | 1 | **1.1%** | 36 | **39.1%** | 44 | **47.8%** | **4.20** | **1.05** | **83.91%** | **5** |
| X24 | 0 | **0.0%** | 11 | **12.0%** | 3 | **3.3%** | 33 | **35.9%** | 45 | **48.9%** | **4.22** | **0.98** | **84.35%** | **4** |
| X25 | 14 | **15.2%** | 38 | **41.3%** | 5 | **5.4%** | 21 | **22.8%** | 14 | **15.2%** | **2.82** | **1.36** | **56.30%** | **7** |
| X26 | 1 | **1.1%** | 1 | **1.1%** | 0 | **0.0%** | 35 | **37.6%** | 56 | **60.2%** | **4.55** | **0.67** | **90.97%** | **2** |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | **4.13** | **0.97** | **82.53%** | |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(11)، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەرێژەی(93.55%)، کە بەپلەی یەکەم دێت پێیان وایە، کە دابین نەکردنی پێداویستییەکانی وێنەگرتن یەکێکن لەو بەربەست و ئاستەنگانەی، کە دێنە بەردەمییان لەکاتی کارکردندا، هەروەها ڕێژەی(90.97%)، کە بەپلەی دووەم دێت پێیان وایە، کە بەشدارینەکردن لەخولی ڕاهێنان بۆ ئاشنابوون بەپێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای وێنەگرتن هۆکارێکی دیکەن لەو بەربەست و ئاستەنگانەی، کە دێنە بەردەمییان لەکاتی کارکردندا، پاشان ڕێژەی(85.16%)، کە بەپلەی سێیەم دێت پێیان وایە، کە سەربەخۆیی کامێرامان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەدای کارەکەی هەیە، لە کۆتاییشدا کەمترین ڕێژەی سامپڵی توێژینەوە، کە ڕێژەی(56.30%)ە، پێیان وایە، کە پاڵەپەستۆی کارکردن و فشاری بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان(پرۆدەکشن)، کاریگەری دروست ناکات لەسەر سەربەخۆیی وێنەگرو ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی، کە دێنە بەردەمی لەکاتی کارکردندا.

### 5.2.1 دەرئەنجامەکان

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1. زۆربەی زۆری وێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕەگەزی نێرینەن، کە ڕێژەی)96.8%(ی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.
2. بەپێی ئەنجامی بەدەستهاتوو، زۆربەی زۆری وێنەگرانی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، تەمەنییان لەنێوان)31-36(، ساڵیدایە.
3. بەپێی یەکێک لەئەنجامەکانی توێژینەوەکە، زۆربەی زۆری وێنەگرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەزموونی زیاتر لە)11 (ساڵ کارکردنییان لەبواری وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا هەیە.
4. حەزو خولیای کەسەکە بۆ کارەکەی، سەرەکیترین هۆکاری یارمەتیدەرە بۆ شارەزایی کامێرامان لەکارەکەیدا.
5. شارەزایی کامێرامانی دەرەوەی ستۆدیۆ لە(جۆری گرتە، جوڵەو گۆشە)ی کامێرا، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ کارەکانی مۆنتێر.
6. شارەزایی کامێرامان لە(ڕووناکی و دەنگ)، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی کات لە پرۆسەی وێنەگرتندا.
7. بەپێی ئەنجامی بەدەستهاتوو، ئەزموون هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ داهێنان لەبواری وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا.
8. بەگوێرەی یەکێک لەئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، کە ئەزموونی کامێرامان لەکارەکەیدا، کاریگەری لەسەر خێرایی ئەنجامدانی پرۆسەی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی هەیە.
9. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کامێرا کاریگەری لەسەر خێرایی پرۆسەی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی هەیە.
10. کەمتەرخەمی کامێرامان لەپشکنینی ئامێرەکانی کارکردن، هۆکارە بۆ زیادبوونی تێچوونی بەرهەمهێنان.
11. دابین نەکردنی پێداویستییەکانی وێنەگرتن لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکان، هۆکارە بۆ خراپیی ئەدای کامێرامان لەکاتی کارکردندا.
12. بەشداریکردن لەخولی ڕاهێنان بۆ ئاشنابوون بەپێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای وێنەگرتن، کاریگەری باشی لەسەر کامێرامان هەیە.
13. سەربەخۆیی و دەستکراوەیی کامێرامان لەکارکردندا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەدای کارەکەی هەیە.

### 5.2.2 پێشنیازو ڕاسپاردەکان

لەسۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی، کە توێژەران پێیگەیشتوون ئەم پێشنیازو ڕاسپاردانە دەخەنەڕوو:

1. پێشنیاز دەکەین بۆ توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە لەهۆکاری کەمی بەشداریکردنی ڕەگەزی مێینە لەتەکنیکەکانی بەرهەمهێنان بەگشتی و پیشەی وێنەگری تەلەفزیۆنی بەتایبەتی، لەکەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکاندا.
2. سەرجەم پێداویستییەکانی وێنەگرتن و کامێرای هاوچەرخ و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانەوە بۆ کامێرامانەکان دابینبکرێت، تاوەکو بتوانن بەشداری کارایان لەبەرهەمهێنانی میدیاییدا هەبێت.
3. کردنەوەی خولی ڕاهێنان و بەشدارپێکردنی وێنەگرانی تەلەفزیۆنی بۆ ئاشنابوون بەپێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای وێنەگرتن.
4. دوانەخستن و پێدانی شایستە داراییەکانی کامێرامانان لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشترو پیشەییانەتر بەشداری لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیاییدا بکەن.
5. ڕەخساندن و پێدانی ئازادی کارکردن بۆ کامێرامانی دەرەوەی ستۆدیۆ، تاوەکو بتوانێت سەلیقەی تەکنیکی خۆی بەکاربهێنێت.
6. پێشنیاز دەکەین بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەکاتی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کامێرامانان، حەزو خولیای کەسەکە بۆ کارەکەی وەک پێوەرێکی سەرەکی بۆ وەرگرتن و دامەزراندن ڕەچاو بکرێ.

## سەرچاوەکان

ئاژگەیی، ئەیوب (2012) کامێرای دیجیتاڵ دەروازەیەک بۆ ناسین و وێنەگرتن. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

عەبدولڕەحمان، فرمان(2020) ڕۆژنامەگەری تەلەفیزیۆنی. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

کەریم، گیتا گرکانی. وەرگێڕانی ستار .(2002) مێژووی سینەما. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەحمەد، عامر ئیبراهیم قەندیلچی. وەرگێڕانی نەوزاد عەلی .(2008) ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا .چاپخانەی کارۆ.

محەمەد، بەشدار حوسێن(2022). وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی. هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی نیشتمانی. (2011). بواری ڕادیۆ-تەلەفزیۆن. ئەنقەرە: کۆماری تورکیا وەزارەتی پەروەردە

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp186-196

مولود .سامان جلال، چاوپێکەوتن بەختیار حميد سعيد . (2021). بەرهەمهێنانی میدیایی.

بهاءالدين، طارق. (2009) . التصوير الرقمي الحقائق والأساسيات .العين: دار الكتاب الجامعي.

ابو رستم، رستم. ) 2014 .(جماليات التصوير التلفزيوني . عمان: دار المعتز.

سلمان، عبدالباسط . (2005). سحر التصوير فن و اعلام. القاهرة: الدار الثقافية للنشر.

عزت، فاطمة. (2021-1-7). استردادها من https://almalomat.com

سطور، كتاب. (2021-6-21) . استردادها من https://sotor.com

هادي، مظلوم. (2021-5-9). استردادها من https://xeber24.org

kit9090. (3 13, 2017). Retrived from https://www.timetoast.com

Harlow, Olivia. (4 18, 2013). Retrived from https://legacybox.com.

Sony. (8 22, 2021). Retrived from https://www.sony.com.

staff, dpreview. (7 21, 2000). Digital Photography Review DPreview. Retrived from https://www.dpreview.com

The Guardian. (accessed 9 4, 2008). Retrived from https://www.theguardian.com.

Barnett, Mike.Tomkins & Shawn. (12 4, 2012). imaging-resource. Retrived from https://www.imaging-resource.com

world, cctv camera. (11, 2015). Retrived from https://www.cctvcameraworld.com.

**Abstract**

Inspite of the fact that Cameramans have a main and an important role in media production technique; there is still a nonobvious side whether Cameramans in the Kurdish satellite TV channels were able able to assist and encourage in the production of media products professionally. Thus the researcher tries to find out the role of Cameramans in media production technique in a scientific method and to see the experience of Cameramans of Kurdish TV channels is at what level in the media production technique. This research is a scientific approach to evaluate the role of Cameraman in media production technique of Kurdish TV channels through a sample of a group of Cameramans in which the role and effect of these Cameramans in the production of these media products of the channels are mentioned. The research is a descriptive research and an opinion method has been used on the Cameramans of TV satellite news channels, 93 Cameramans of Kurdish satellite TV news channels were chosen as the sample research intentionally, and their opinions are taken through a sample survey. The most important conclusions in which the researcher has observed during the research are, male gender makes the largest part of Cameramans in TV satellite Kurdish channels, non responsibility of the Cameraman to check the working devices is a reason to increase the production fee, the independence of the cameraman in his work has a positive effect on the camera man’s performance, and at the end of the research project some suggestions and recommendations have been given.

**Keywords**: Role, Cameraman, Media production technique, Kurdish satellite channels